# مانگ لە ئامێزی گوڵەبەڕۆژەی ژوورەکەمە

## هەندرێن

((ئەوە منم بەتەنیا خەونەکانم لەبەرچاوی
سپێدەیەکی لماویدا دادەپڵۆسم)).



**نا: بەخۆمان رێگاکانمان وێڵ کردو راوەستاین،**
**شارەکانیشمان بە خنکاوی جێدەهێشت.**

لەوێ بوو،
لێرە نا: دەزانم !

تێنیووێتیمان بە مانای گوشراوی فەلسەفەکان دەشکاند و
مێژووی پێخواسمان لەسەر گەرمی یادەوەرییە یاد تاڵانکراو و تەمەنە رفێنراوەکەیدا تەفرەدەدا.
پێڵاوەکانیشمان بەپێیە بێ نمرەکانی مەرگ بەخشی، تا لە ناو تۆزی زایەڵەی پەرێشانییەکان،
چاوساغی بۆ سۆراغی هانکیری و سیمای لێک تواوەو باڵای ریزکراومان بکا.
زەوی وەک گوناهبارێکی بێ گوناه هاوارەکانی لەسەر ئۆقیانووسە کەڕ و جومجومەکانی سامناکیدا دەلەریەوە.
هەوای پەرکەمگرتوو، سازشکارە چەنەباز و ئەو شاخانەی لەژێر خۆڵباران کۆخە کۆخیان لە دۆڵەکان تل دەبۆوە، بە فووی هەراسانی و هەڵمی رووحت خۆیان فێنک دەکردەوە.
جالْجالۆکەکانیش بە نیگای هەڵوەریوی ئەستێرەکان، لە چاوەڕوانکردنی بێداربوونەوەی شەو،
سیمای کاڵی داستانبێژە لاڵەکەی بە داستانە نیوە ناچڵەکەشییەوە، لەسەر سێبەری چارەنووسی ئەو نادیارییە مۆڵەقەی کە مەرگی تیا رەتێنراو بوو دەچنینەوە.
ورێنەی ئەسپە بەزیوەکان لە قامچییەکان بەرز دەبۆوە و
لە بن ئەو ئاسمانە بریندارەدا، جیرەی قاچی گۆڕ هەڵکەنەکان
لە گەرووی منداڵە سێوییەکانی ژیانەوە بەسەر ئەو وێرانییەی کە بوون ئاوێزانیان بوو پەرش دەبۆوە.
سنوورەوان و پاسەوانە خێڵ و بێ ئەزموونەکانی مێژوو،
فریوەدەرەکانیش، بە خولیای دوا دۆڕانە فەرامۆشکراوەکان
دەسپەڕیان لێدەدا....

**نا: بە خۆمان رێگەکانمان وێڵ کردو راوەستاین،**
**شارەکانیشمان بە خنکاوی جێدەهێشت.**

لەوێ بوو،
لێرە نا، دەزانم!

منیش عەدەمی سەبوورئاسا وەک جمک لەگەڵ ماوە کوێرەکاندا
هاتین و خۆم لە گۆشەکانی تاراوگەیەکدا، کە بە برۆیە لێک گرێدراوەکانی و
پێرێتییە بە پێکەنیناوییە دابەشکراوەکەی، زنجیری سەگە شازادەکەی
لە توونێلی تەنیاییە لم لێنیشتووەکاندا رادەکێشا.
کاتیش لە تەکمان ژنانە بەدەستی ئاسنین و هەنیەی لۆچاوییەوە.
ئەو لاواندنەوانەی دەمبەست دەکرد، کە جوانێتی بەسەر گیانەڵاکانی جوانی
خۆیەوە دەیهۆنییەوە.



ئایا ئەم سەفەرە بەسەربردەکانی من کۆتایی دێ،
یان بە کۆتاییە بیر لێ نەکراوەکانی؟

ئاپۆرە هەڕەشەکارەکان لە ئاگادارکردنەوە نەبیستراو و
ناکاوە لەدەم دەرچووەکانیان، بۆشاییەکەی ژێر قاچیان رۆدەچوو.
چما بە راسپاردەی پێغەمبەرە غەمبارەکان، حەقیقەتی
یەقینپۆش،
پەژیوان نەبۆوە....؟
خوا بە چرای دەستییەوە بە ناو ئەبەدێتییەکەی بەرەو کوێ رایکرد؟!

خوشکەکانیشمان بە کراسە بۆن ئەڤیندارەکانیان لەسەر مێژوودا
چیرۆکی سەرگەردانیمانیان دەنەخشاند. یادەکان بێ یادەوەریی، بەناڵەی خەونە زرکاوەکانی
من
کە بێ خەوی شوێنە راڕایە سەراییەکان دەیدرکاندن،
سروودە فەرامۆشکراوەکانی منداڵێتیان تاقی دەکردەوە.

من لە کوێم،
بووڵێڵ و سێبەری کاتەکان بەیەک دەچووێنم؟
کات بەرەو هەورەکان باڵدەگرێ و سەفەریش
رووی لە خۆرنشینە. تۆش دەبییە تابووتی سەرشانی ئەم شەقامانە و

ئەو دەنگە بەجێماوانە گلدەدەیتەوە،
وەک درەنگی، شوێنەکان ون دەکەی.

ئەی لە نێوان ناشتنی تەرمی ژمارە و ساڵژمێرەکان دۆشداماو!
ئەی گومڕا لە ناو وەرزی کۆن و پەیڤی نامە کەڵەکەکراوەکان...
نا دڵنیا لە رامانی وێنەی شوێنە پاکیزەکان!

هەورەکان کیژی ئاسمان بوون، کازیوەش خەونی پێیانەوە دەبینی.
کە باران لە لەشی هەورەکان دایدەکرد، کازیوە لە خەو رادەبوو،
بە خوناوی سەر گوڵە گەنمەکان دەستنوێژی هەڵدەگرت،
پەلکە زێرینەی ئێوارەش وەک کیژە هەرزەکارەکانم لە جەژنا
کراسە رەنگاوەڕەنگەکانیان لەسەر جەستە مسییەکەی زەریا هەڵدەکێشایەوە. مانگ بە گۆنا سوورەکانی بە پشت بەژنی پەرژینەکانا هەڵدەزنا. بۆنی خاک مێخەکە خاوەکانیان ختۆکە دەداو تیشکە شۆڕاوەکانی
سپێدەش لەسەر هێڵەکانی گەردوونی لە خولگە ترازاوەکان، بە گاگۆڵکێ
دەتریقانەوە، ئەستێرەی گەلاوێژ لە ناو جۆلانەی رێگای کاکێشان دەڕزا.
بێئاگا ئاورمان لە یەکتر دەدایەوە، شەو رادەما و
تاڵ تاڵ مووی کەزییەکانی لە ناو ئاوێنەی کاتدا سپی دەبوو.
پەنجەکانی با لەمدیوی دیواری بێدەنگیدا نەوای شپرزەکانی دەچڕاند.

نا: بە خۆمان رێگاکانمان وێڵ کردو راوەستاین.
شارەکانیشمان بە خنکاوی جێدەهێشت.
لەوێ بوو،
لێرە نا،دەزانم!

ئەی لە خۆت راپسکاو، باخەکان ئاشنات نین،
بەوێدا رامەبوورێ و نیگات لەسەر رووی تەنیایی وێژەنگرتووە هەڵگرە،
پەنجەرە ئارەقکردووەکان لەسەر قەلەڕەشەکانی سەربان
لە سڕبوونی چاوەڕوانییە ناکاوەکان راسێنە
کە دایکم لەبەرخۆی لەعنەتی لە دمۆریان دەکردو بە بەختی تۆی دەچوواندن.
تا سەرمای لە خۆشیان بووراوەش ئیرەیت پێ ببا و

ئەو ماوانەی کە زەیین لە نێوانیاندا نابەڵەد رێدەکا، خافڵ بوون گێژیانکا.
فرمێسکی کلۆبەفرەکان لەسەر داو داوی تیشکە نەخۆشەکانی هەتاوی
سەر باسکی درەختە چەماوەکان دەمەیین.
زەنای کلیلی پەیوەندییەکانی ئێمە، باوێشکی کاتە پیرۆزەکانی دەست
بۆشاییە وەڕسکارەکان، لە گەرووی کەنێسەوە لەسەر
پێستی تەنیایی تۆدا هەڵدەبەزییەوە.
کۆترەکان لەسەر باڵە زیوینەکانی – با – بە بۆنی ئاسمان مەست دەبوون.
بێدەنگی ئەمەکداریش هەنگی بیرەوەرییەکانی بەسەر شانەکان دەبەشییەوە.
گومان لە هەورەکانەوە دادەکا و
سەفەری خوێن لە دەمارەکانی بێ ئومێدیدا تل دەخوا،
دەستەکانی تۆش، بە نهێنی مۆمە بێ شەرمەکانی ئەم شارە تەنیایی،
پرژاوی ئەم ژوورە دەچنێتەوە.

**لێرە بوو،**
**لەوێ نا، دەزانم!**

1993
ستۆکهۆلم